# ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری سەبارەت بە:
# ڕێگا گرتنی پارێزگاری سلێمانی، لە کۆڕیکی ڕیبوار عارف

پاش ئەوەی کە کە دوو ڕۆژ لەمەوبەرو ڕیبوار عارف لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەریدا لەگەڵ 3 ڕۆژنامەوانی تردا ڕاپێچی ئاسایشی رزگاری کران لە سلێمانی لە ژێر ناوی ئەوەی کە بەستنی کۆنفرانسی ڕۆژنامەگەری پێویستی بە مۆڵەت هەیەو ڕێبوار عارف مۆڵەتی‌وەرنەگرتوە. ئەمرۆ پاش هێنان‌و بردنێك لە نێوان ئاسایشی سلێمانی‌و پارێزگاری سلێمانیدا، دواجار پارێزگای سلێمانی لە ژێر ناوی ئەوەی کە ڕیبوار عارف لە ئاسایشی سلێمانی زیندانی بوە، بویە داواکەی پێویستی بە دراسە کردن هەیەو بەم شێوەیەش ڕێگا نەدان بە داوای ڕیبوار عارف بۆ بەستنی کۆڕەکەی.

ئاسایشی سلێمانی، پارێزگای سلێمانی، وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی، دەتوانن کۆڕ، کۆنفرانسی ڕۆژنامەگەری، خۆپیشاندانێك قەدەغە بکەن لە ژێر بیانوی جۆراوجۆردا، بەڵام بێدەنگ کردنی خەڵکی کوردستان، کارێکی سەختەو نەکارێت. خەڵکی کوردستان، بەرانبەر تاڵان‌و بڕۆی تەواوی سامانی کوردستان، زەوی‌و زارەکەی، لە بەرانبەر مافەکانی بۆ دابینکردنی ئازادییە سیاسیەکان‌و لەوانە ئازادی ڕا دەربڕین‌و ئازادی ڕەخنەو خۆپیشاندان‌و مانگرتن... وە خەباتی ئەوان لە پێناو جیابونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆدا، وە داوای ئەوان لە پێناو بەرزکردنەوەی موچەکانیان لەبەرانبەر گرانی ئەمرۆدا، تا ڕادەی دیاریکردنی 375000سێ سەدو هەفتاو پێنج هەزار دینار وك لایەنی کەمی کرێ‌و.... تاکو گۆڕینی سیستەمی خوێندن‌و دابین کردنی مافە مەدەنی‌و فەردییەکان، .... ناتوان بێ دەنگ بن‌و بێدەنگ ناکرێن. خەڵکی کوردستان بە خۆپیشاندان‌و مانگرتن لەماوەی 2-3 مانگی ڕابوردودا ئەم ئیدعانامەی خۆی بە ئاشکرا ڕاگەیاندوە.

ئەم هەنگاوەی پارێزگاری سلێمانی بۆ ڕاگرتنی گۆڕی ڕێبوار عارف، پێشێلکردنی ئاشکرای ئازادییە سیاسیەکان‌و ئازادی ڕادەربڕینەو لەسەر هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز پێویستە کە ناڕەزایەتی خۆی نیشان بدات، بەرانبەر بە یەکێتی نیشتمانی‌و ئیدارەکەی لە سلێمانی‌و لە پیناو دەستەبەر کردنی یاسایکردنی تەواوی ئازادییە سیاسیەکانی خەڵکی کوردستاندا.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/5/18